# گوڵم حەیفە منت فەرامۆش کردووە

حەمەسەعید حەسەن

کێ  هێندەی من خۆشی ویستووی؟
کێ وەکوو من لە ئامێزی دڵی گرتووی؟
کێ وەکوو من
فەرشی عومری بۆ ڕاخستووی؟

کێ وەکوو من
خەمی تۆی کردۆتە کۆڵی؟
بێجگە لە من کێی تر قژی
داهێناوی بە بژۆڵی؟

کێ وەکوو من
بە چاوی نازی هەڵگرتووی؟
کێ وەکوو من
ئەگەر ژیانیت خواستبێ،
دەسبەجێ پێشکەشی کردووی؟

کێ وەکوو من بە پەڕەی دڵ
گەردی خەفەتی سڕیوی؟
بێجگە لە من
کێ بە پێڵووی داپۆشیوی؟

کێ وەکوو من بۆ دیدارت
ڕێگەی دژواری بڕیوە؟
کێ وەکوو من
تەنیا تۆی بە ژن زانیوە؟

کێ  هێندەی من
قووڵ و گەرم ڕایمووسیوی؟
کێ وەکوو من
شیعری جوانی بۆ نووسیوی؟

کێ وەک من هۆگرت بووە؟
کێ وەکوو من
کوێرانە شوێنت کەوتووە؟
کێ وەکوو من
متمانەی ڕەهای پێت بووە؟
کێ وەک من حەزی لێت بووە؟
کێ وەک من بۆت
دێوانە و شەیدا و شێت بووە؟

کێ وەکوو من
سەدان پێکی
لە چاوانت نۆش کردووە؟
گوڵم حەیفە منت فەرامۆش کردووە.

2003. 06. 10